## هۆزان دەروێش:

# زۆر بە شەوقەوە هاتمە نێو هونەری کوردی بەڵام ئەو شەوقە کز بوو تا کۆتایی هات



**■ ماوەیەك بەر لە ئێستا خانمە هونەرمەند هۆزان دەرویش بڕیاریدا واز لە کاری هونەری بهێنێت بە هەموو شێوەیەك، بۆ زانینی هۆکارەکانی ئەم بڕیارە، هۆزان بەم شێوەیە بۆ گوڵان هاتە ئاخافتن.■**

*** ماوەیەك بێدەنگ بووی، ئایا ئەو بێدەنگییەت نارەزاییەك بوو دژی بارودۆخی ئێستای هونەری کوردی یان هۆکاری دیکەی لە پشتە؟**

- هەڵبەت بارودۆخی ئێستای هونەری کوردی وام لێدەکات کە بێدەنگ بم، من ناتوانم دژایەتیی بارودۆخی ئێستای هونەری کوردی بکەم، ڕەنگە زۆر کەم بن ئەوانەی وەك من بیر دەکەنەوە و ئەو بیر کردنەوەی من لای ئەوان جێگای دڵگرانی بێت و بە داواکەوتوویی بزانن، بەڵام من هەست بە بەرپرسیاریەتی مێژوویی دەکەم بەرامبەر بە هونەری کوردی، ڕەنگە هۆکاری تریش هەبووبن کە زۆر ئازاریان داوم، بۆیە ئەو بڕیارەمدا، من دەڵێم هونەری کوردی نەك بەرەو پێشەوە ناچێت، بەڵکو بە ڕەوتێکی زۆرخراپ و هەستیار تێدەپەڕێت، دیارە ئەمەش بەتەنیا بەمن چارەسەر ناکرێت، بۆیە پێم باش بوو هەتا زووە لێی دوورکەومەوە تا شەرمەزاری مێژوو نەبم.

*** هونەرمەند هەمیشە عاشقی هونەرەکەیەتی، بەڵام کەس هەیە بتوانێت بە ئاسانی واز لە عاشقەکەی بهێنێت؟**

- پێموایە لای هەموو کەس ئاشکرایە کە من چەند عاشقی هونەری کوردی بووم، بەڵام ئەو هونەرەی من باسی دەکەم هونەری ڕەسەنە نەك ئەو بێسەروبەرییەی ئێستا هەیە، بێگومان ئەو هونەرەی کە من عاشقی بووم ناچارم دەکات لێی دوورکەومەوە، چونکە بێوەفا دەرچوو وەك ئەو سەردەمە بێوەفایە، بۆیە ناچار بووم لێی دوورکەومەوە.

*** هۆکاری سەرەکی واز هێنانت چی بوو؟**

- دیارە زۆر هۆکار هەبوون کەوایان لێکردم دوورکەومەوە وەك باسم کرد من بارودۆخی هونەری کوردی باش نابینم کەسیش خۆی بە خەمخۆر نازانێت، بە وازهێنانی من شتێك لە بابەتەکە ناگۆڕێت لەبەر ئەوەی ئەو دەستەی ئێستا هونەری کوردی بەرەو پێش دەبات هەر بەردەوامە تا لە کۆتاییدا باجەکەی دەدات، دیارە من بە تەنیا ناتوانم چارەسەری بکەم.

*** پێتوایە بە وازهێنانی تۆ بارودۆخی هونەری کوردی باشتر بێت؟**

- بێباکیی دەسەڵات لە بەرامبەر هونەر و هونەرمەندان هەر هەیە، لە زۆر چاوپێکەوتنی دیکەش باسم کردووە من ئێستاش هونەرمەند وەك سواڵکەر دەبینم، ئەوەی گرنگی پێنادرێت هونەر و هونەرمەندانە، منیش ناتوانم ئەمە قبوڵ بکەم.

*** سالاری هاوسەرت هەڵوێستی چی بوو بەرامبەر بەو بڕیارە؟**

- من سالاری هاوسەرم زۆر ئەزیەت داوە لەگەڵ خۆم، دیارە هەموو کارەکانی من لە ڕێگای ئەوەوە دەکران و هەرگیز لە یادی ناکەم لە زۆر شت منی پاراست، لە هەموو ئەو ئاهەنگانەی ئێمە بانگهێشت دەکراین زۆر بە وردی پرسیاری دەکرد تا دڵنیا نەدەبوو لە سەرکەوتنی من لەو ئاهەنگەدا قبوڵی نەدەکرد بەشداری بکەم، هەر بۆیەش زۆر بە کەمی لە بۆنە نەتەوەییەکاندا ئێمەیان بانگهێشت دەکرد وەك گەمارۆیەکی زەق لەسەر ئێمە هەبوو ئەم ڕاستییەش ئەوە یەکەم جارە باسی بکەم.

سالار خۆی هونەرمەندە ئەزموونی هەیە زۆر باش لە ململانێی هونەری تێگەیشتووە، ئەو ئاگاداری ئەو بڕیارەی من نەبوو، بۆیە تۆزێك دڵگران بوو و پێی وتم هێشتا زووە و هونەری کوردی پێویستی بە کەسانی وەکو تۆ هەیە، بەڵام دواتر ڕازی بوو لەبەر ئەوەی لەمن زیاتر دەزانێت بارودۆخی ئێستای هونەری کوردی چۆنە و لێرەوە دەمەوێ زۆر سوپاسی بکەم.

*** ئایا سالار هانیدای واز بهێنی یان هەوڵیدا پەشیمانت بکاتەوە؟**

- چەند باسی سالار بکەم و چەند سوپاسی بکەم هەر کەمە، ئاشکرایە ئەگەر سالار نەبوایە ڕەنگە هەر زوو وازم لە هونەر دەهێنا، بەردەوام هانیداوم بەردەوام بم ڕەنگە ئەمەش بۆ خوێنەران سەیر بێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش بە بڕیارەکەی من ڕازی بوو.

*** دوای ئەوەی بڕیاری وازهێنانت دا هیچ کەس و لایەنێك پێوەندییان پێوە نەکردی کە هۆکاری وازهێنانت چی بوون؟**

- من نامەوێ ناوی کەس بهێنم کە هەوڵیاندا بەردەوام بم لە کاری هونەری، بەڵام ئەوەی من دەزانم ڕەنگە ئەوانە نەیزانن، تەنیا ئەوەندە دەڵێم من ناتوانم لەمە زیاتر بەرگەی ئەو ئێش و ئازارە بگرم کە لە هونەردا چەشتوومە، ناتوانم چیتر وەك سواڵکەر سەیر بکرێم، ژیان بە دەست پان کردنەوە بەڕێوە ناچێت، و تاقەتی ئەو کێشەمە کشێمەی هونەری کوردیم نییە، لەو وڵاتە ئەگەر کچی هەر کەسێك بیت مادام ئافرەتی و هونەرمەندی لەلایەن کۆمەڵگەوە ڕوحمت پێناکرێت، هەرچی شتی پڕوپوچ هەیە بۆتی هەڵدەبەستن، ڕەنگە هەر ئاگاداریش نەبیت نە لەدوور و نە لەنزیکەوە.

*** کەس هەوڵی نەداوە پاشگەزت بکاتەوە لە بڕیارەکەت؟**

- کێشــەی ئێمە لەو وڵاتەدا ئەوەیە کە تۆ بەڕاستی قسەت کرد، وا هەســت دەکەن کە تۆ داواکاریت هەیە، زۆر جار گوێبیستی ئەو قسەیە بوومــە کە دەڵێــن: داواکارییەکانی هۆزان هەر تــەواو نەبوون، من لە ڕێگای ئەو گۆڤــارەوە دەڵێم بۆیە ئەو بڕیارەم نەداوە کە داواکارییەکانم جێبەجی بکرێن، تەنیا ئەوەندە دەڵێم کەسێکم خەمخۆری هونەری کوردی بووم، هەر لە ســەرەتاوە هاتمە نێو دنیای هونەری کوردی بەو شەوقەوە هاتم و هونەرم کرد، بەڵام لەو وڵاتە ئەو شــەوقە کز بووە تا لە کۆتاییدا بە یەکجاری کوژایەوە، من هیــچ داواکاریم نییەو چاوم لە کەس نییە خێرم پێ بکات، ئەگەر مافی خۆم بێت بەبێ ترس داوا دەکەم، ئەگەر نا نەفســیەتی خۆم ناشکێنم، ئەگەر هونەرمەند بەو ڕۆحیەتەوە کار بکات دەتوانێت ســەرکەوتوو بێت، ئەگەر ئەو ڕۆحیەتە نەبێت بە هەموو ماڵی دنیا چاك نابێت.

*** ئەگەر داواکاریەکانت جێبەجێ بکرێن دەگەڕێیتەوە؟**

- من لە هەموو ژیانمدا هەوڵمداوە ڕاشــکاوانە و بێ ترس قسە بکەم، دیارە ئەو کاتەی خوالێخۆشبوو سامی شۆڕش وەزیری ڕۆشنبیری بوو بۆ تۆمارکردنی سیدی (نە ژ دل) هاوکاری کردم، بەڵام نەمتوانی سیدییەکەم بە ئەنجام بگەیەنم ناچار بووم ئۆتۆمبێلەکەی خۆم بفرۆشم بۆ تەواو کردنی سیدییەکەم.

*** تــا ئێســتا چەند جار هــاوکاری تۆ کراوە لە کارە هونەریەکانت؟**

- مــن ئــاگادار بووم چــی بــۆ هونەرمەندان دەکرا کە لەدەرەوەی وڵات دەگەڕانــەوە، زەوی باش باشــیان بۆ تەرخان دەکرا، ڕەنگە جــوان نەبێت باس بکەم، بــەڵام با خوێنەری بەڕێــز بزانن مــن زیاتر لە ٢٠ ســاڵە هونەرمەنــدم و تارادەیەك جێــگام دیار بووە بەتایبەتی سروودەکانم تەنانەت یەك مووچەشــم نییە، چونکە زۆر جار باس کــراوە گوایە من باشــترین مووچــەم هەیە و شتی زۆرم بۆ کراوە، بەڵام دڵنیا بــن هەموو ئەمانە پڕوپاگەندەیــە، دواتر خۆ ناکرێت هەر جارێك بەرهەمێکم تۆمار کرد شتەکانی ماڵەوەم بفرۆشم ئەمە چ جۆرە هونەرێکە وەك گوتم تاقەتی ئەو سەرئێشەیەم نەماوە.

*** دوای وازهێنانت چی دەڵێی؟**

- لە ڕێگای گۆڤــارە بەڕێزەکەتانەوە دەمەوێ ئەوە بڵێم کە هەندێك دەزگای ڕاگەیاندن زۆر شتی جیاجیا و دوور لە ڕاستییان بەناوی منەوە بڵاو کردەوە، لێرەدا بە خوێنەران و هەموو جەماوەری کوردستان دەڵێم کە ئەو قســانە بە هیچ شێوەیەك قســەی من نین و هەڵبەستراون و دوورن لە ڕاســتی، هونەری کوردی بە هاوکاری کردن بۆ دەرکردنی سیدییەك چارەســەر نابێت، هەروەها داوا لە گشت ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان دەکەم کە چیتــر هیچ لە بەرهەمەکانم دانەبەزێنن، چونکە شــتەکە کۆتایی هات.



## دوای سێ ساڵ لەمردنی قەرزەکانی دایەوە

هەرچەندە سێ ساڵ بەسەر مردنی مایکل جاکسۆنی ئەستێرەی پۆپی جیهانیدا تێپەڕیوە، کەچی ئێستا توانی بەشێکی زۆری قەرزەکانی بدرێنەوە.

قەرزەکانی مایکڵ جاکسۆن بە٥٠٠ ملیۆن دۆلار خەمڵێندرا کە تا ئێستا بۆ خاوەنەکانی گەڕێندراوەتەوە، جگە لەو قەرزانەی کە دراون بەشێکی زۆری کەرەسەتە و کەلوپەلەکانی مایکل جاکسۆن فرۆشراون، دوای مردنیشی کێشە داراییەکانی جاکسۆن تەواو نەبوون.

شایەنی گوتنە ساڵی ٢٠٠٩ مایکل جاکسۆن لە نەخۆشخانەیەکی لۆس ئەنجلۆس لەئەنجامی چەند گرفتێکی دڵ لەتەمەنی پەنجا ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، وێڕای هەوڵی بەردەوامی پزیشکەکان کە ویستیان ڕزگاری بکەن و ئەو کات هەواڵی کۆچی دوایی مایکل جاکسۆن وەك گرنگترین و گەرموگوڕترین هەواڵ لەلایەن میدیاکانی جیهان، تەنانەت هەواڵی کۆچی دوایی جاکسۆن گرنگی زیاتری پێدرا لەهەواڵی دەرچوونی باراك ئۆباما وەك سەرۆکی ئەمریکا، چونکە تەنیا ئەمریکییەکان دەرچوونی ئۆبامایان لەلا گرنگ بوو، بەڵام هەواڵی کۆچی دوایی جاکسۆن بۆ هەموو جیهان گرنگ بوو.



## ئارنۆلد بیری فیلم

بەپێی ڕاپۆرتە هەواڵێك ئارنۆلد شوارزنیگەری ئەستێرەی سینەمایی تەنانەت لەو کاتەی لەپۆست و پلەی سیاسیشدا بووە، زۆر بیری فیلمەکانی ئەکشنی دەکرد. لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی (نیییۆرك دەیلی نیوز) لەسەروبەندی خەڵاتکردنی ئارنۆلد لەسەر زاری خۆی بڵاوی کردەوە (بەهیوا بووم ئەو جوڵانەی لەکاتی فیلمەکاندا ئەنجامم دەدان، لەبواری سیاسیشدا هەمان شتم کردبا، بەڵام ئەمە نەدەکرا، بۆیە من ئەو کاتەش کە حاکمی کالیفۆرنیا بووم، زۆر بیری فیلمەکانم دەکرد). شایەنی گوتنە ئارنۆلد خەڵات کرا لەبری ئەو فیلمانەی کە بەدرێژایی ژیانی بەرجەستەی کردوون و فیلمەکانی

## ڕادکلیف ستایلی هـ

ئەکتەری بەریتانی دانیال ڕادکلیف کە پاڵەوانی زنجیرە فیلمی هاری پۆتەرە، بڕیاریداوە ستایلی هونەری خۆی بگۆڕێت و لەژێر عەباکەی هاری پۆتەرەوە دەربچێت.

ڕادکلیف ئەم جارە لەفیلمێکی سینەمایی نوێدا ڕۆڵی گەنجێك دەبینێت کە تاوانبار کراوە بەکوشتن




# جنێڤەر خۆی بەبیر دێتەوە

خانمە ئەکتەر و گۆرانیبێژی جیهانی جنێڤەر لۆپێز هاوخەمی و دڵتەنگی خۆی دەربڕی بۆ جیابوونەوەی توم کرۆز و کاتی هۆلمز.

لۆپێز توم کروز و کاتی هۆلمزی بەدووانەیەکی زۆر جوان وەسف کرد و داخ و خەمی خۆی دەربڕی بەوەی کە پێوەندیی نێوانیان گەیشـــتە ئەو ئاســـتەی کە جیابنەوە، لۆپێز ئەمەی بەچارەنووســـی خۆی و مارك ئەنتۆنی هاوسەری چووانـــد کاتێك جیابوونەوە، لۆپێز زیاتر وتی: مـــن زۆر خەمبارم بۆیان ئەوان دوو کەســـی زۆر ڕێك بوون، باوەڕیش ناکەم هیچ کەســـێك حەز بکات بگات بەم چارەنووســـە، هەرچەندە زۆر هەوڵ دەدەین تووشـــی ئەم بارودخە نەبین، بەڵام کاتێك کە ناچار دەبین و هیچ ڕێگایەك لەبەردەممان نەمینێـــت، ئەوا دەگەینە ئەو قەناعەتەی کە ناتوانین بەردەوام بین.





## ـــــــەکانی دەکات

لەســـاڵانی هەشـــتا و نەوەدەکانی ســـەدەی ڕابردوو لەفیلمەکانی لوتکە بوون، بەڵام دواتر خۆی پاڵاوت بۆ پۆستی حاکمی کالیفۆرنیاو سەرکەوت لەدوو خولی یەك بەدوای یەك، لەســـاڵی ٢٠١٠ گەڕایەوە نێـــو جیهانـــی ســـینەما بەفیلمی (زە ئیکسپاندەبلز) کە سەرکەوتنێکی بێ وێنـــەی بەدەســـتهێنا و بڕیار وایە بەشـــی دووەمی لەمانگی ئابی داهاتوودا نمایش بکرێت.

## ـــــــونەری خۆی دەگۆڕێت

و دەســـتدرێژیی سێکسی بۆ ســـەر ئافرەتێك، ڕادکلیف لەدیمانەیەکدا بۆ ڕۆژنامەی (ســـەن) لەم بارەیەوە وتی: دوای ڕۆڵـــی گەنجە جادوگەرەکـــە لەهاری پۆتەر ئەم جارەیـــان لەفیلمێکی نوێدا بەناوی (ب) ڕۆڵی گەنجێك دەبینم کە بەهەڵە تاوانبار دەکرێ بەدەســـتدرێژی کردنە سەر دۆستەکەی و کوشتنی، بەڵام دواتر کە تومەتبارەکە هەوڵ دەدات تاوانباری ڕاســـتەقینە بدۆزێتەوە و تۆڵەی خۆی بکاتەوە.

## شەیدا جاف:

# هەندێک کات ناچاریت، خۆت سەرقاڵی زیاد لەکارێک بکەیت



■ ئافرەتێــک کە زیاتر لەبوارێکــدا کار دەکات و هەموویان پێوەندییان بەیەکەوە هەیە و لەیەکەوە نزیکن، وەك بێژەری و ئەکتەری کاری ڕیکلام، شــەیدا جاف دان بەوە دادەنێت کە ڕاســتە کارەکانی پەرتیان پێوە دیارە، بەڵام لەهەموو ئەو بوارانەدا بەعەشقەوە کار دەکات، لەدیمانەیەکدا بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.■

*** لەزیاتر لەبوارێکدا کاردەکەی لەکامیان زیاتر خۆت دەبینیتەوە؟**

- ڕاستە من لەدوو بوار کار دەکەم، لەهەمان کاتدا بیرمان نەچێت هەردوو بوارەکە تەواوکەری یەکترن و تێکهەڵکێشی یەکن، هەردووکیانم خۆش دوێت و بەعەشقەوە لەهەردوو بوار کار دەکەم.

*** باشتر نییە هەموو تواناکانت لەیەك بواردا بەکار بهێنیی؟**

- بێگومان باشترە، هەر لەوەی من زیاتر سەرقالی ڕاگەیاندن یان هونەرەکە بم، بەڵام لەم کۆمەڵگەیەی ئێمەدا هەندێک کات ناچاری خۆت سەرقاڵی چەند کارێک بکەیت، بەڵام وەک وتم من هەردووکیانم پێ خۆشە.

*** پێتوایە توانیوتە بۆشاییەك لەهونەری کوردی پڕ بکەیتەوە؟**

- هەڵبەت من ئەزموونێکی کەمم هەیە، ناشتوانم من ئەو بڕیارە بدەم، بەڵام بێگومان ئامانجمە بۆشاییەک پڕ بکەمەوە کەوا هونەری وڵاتەکەم پێویستی بەمنە پڕی کەمەوە.

*** وەك ئافرەت لەو بوارە جۆراوجۆرانەی کاریان تێدا دەکەی لەکامیان زیاتر ڕووبەڕووی گرفت بوویتەوە؟**

-هەردوو بوار بۆ ئافرەتان زەحمەتە، هەرچەند لەئێستادا باشترە لەچاو ساڵانی پێشتر، بەڵام دیسانیش ئەوەندەی کەسانی ناو بوارەکە ڕێگری و کێشەو ئاستەنگت بۆ دروست دەکەن، ئەوەندە کەسانی ئاسایی نین، بۆیە من دەڵێم خۆزگە کەسانی ناو بوارەکان باشتر لەبوونی خۆیان تێدەگەیشتن بۆ ئەوەی لەئێمەی ڕاگەیاندنکار یاخود هونەرمەندان تێدەگەیشتن.

*** سروشتی ئەو ڕۆڵانە چییە کە تۆ ئامادەی بیانبینی لەسینەمادا؟**

- ئامادەم هەموو ڕۆڵێک کە شیاو بێت و لەگەڵ سروشتی کۆمەڵگەکەم بگونجێت بەرجەستەی بکەم، بەڵام هەرگیز ڕۆڵی بەریەک کەوتن ناگێڕم، قەبوڵیشی ناکەم.

*** خوێندنی ئەکادیمی تا چەند ڕۆڵی هەیە لەژیانی ئەکتەر و ڕاگەیاندنکار؟**

- بێگومان ئەگەر پێش لەوەی لەو ڕووەوە شرۆڤەی بکەین، دەتوانم بڵێم هونەر بەهرەیە بەهەمان شێوەش ڕاگەیاندن توانا و حەزە و دەکەوێتە سەر شانی ئەو کەسە چۆن گرنگی پێ دەدات، بەڵام خوێندنیش قۆناخێکی ترە. تۆ لەڕووی زانستی و پێوەرەکانەوە ئەم بەهرەو حەزە فێر دەبیت و گرنگی پێ دەدەی، دەیان هونەرمەندی جیهانی هەن ئەکادیمی نین، بەڵام زۆر سەرکەوتوون و بوونەتە قوتابخانە بۆ ئەو خوێندکارانەی کە لەو بوارەدا دەخوێنن.

*** لەبوارەکانی سینەما و دراما و ڕاگەیاندن حەز دەکەی بگەی بەئاستێك؟**

- ئاستێک کە جێی تموحی خۆم پاشان کۆمەڵگەکەم بێت، باوەڕیش ناکەم هەرگیز ئەم بوارە ئاستی بۆ دیاری بکرێت، چونکە بەردەوام لە داکشان و نوێبوونەوەدایە، کەواتە دەبێت بەردەوام لەگەڵی بڕۆیت و خۆ گونجێنەر بیت لەگەڵ گۆڕانکارییە هونەرییەکاندا.

*** ئایا زنجیرە دۆبلاژکراوەکان لەئاستێکی بەرزدان یان درامای کوردی لاوازە؟**

- ئەم باسە زۆر کات وروژێنراوە و باس کراوە، لەئەنجامیشدا نەگەیشتوونەتە ئاکام، کێن ئەوانەی بەدۆبلاژکردن دەگرنە ئەستۆ هەر هونەرمەندانی ئەو بوارەن، کەواتە پێش هەرکەسێك هونەمەندان خۆیان هۆکاری سەرەکین بۆ گرنگیدان بەدرامای دۆبلاژکراو، بینەر لەسەریەتی سەیر بکات.

*** بەڕای تۆ خاڵە لاوازەکانی درامای کوردی چین؟**

- نەبوونی سیناریۆی باشی خۆماڵی و کۆمەڵایەتی و پەروەدەیی و زانستی، بەڕای من سیناریۆکان تەنیا لایەنێکی ژیان پیشان دەدەن، ئەویش بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەو بوارانەی ئاماژەم پێدان، هەروەها دەرهێنەری دراما باشمان نییە، پاشان ئەکتەری ئێمە هەموو دووبارەن، یان ئەوەشی هەیە لەڕێگای خزم خزمێنەو گروپەوە دەکرێت. هەروەها لاوازی لایەنی تەکنیک، هەروەها نەبوونی ماددی پێویست.

*** چۆنە تا ئێستا بواری گۆرانی گوتنت تاقی نەکردۆتەوە؟ لەزیاتر لەبوارێکدا کاردەکەی لەکامیان زیاتر خۆت دەبینییەوە؟**

- من ئەکتەرم، لەهەمان کاتیشدا پێشکەشکار، هەرگیز بیرم لێ نەکردۆتەوە خۆم لەم بوارە بدەم، باوەڕم بەو قسەیە هەیە کە دەڵێ: کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو.



